**گەڕان بە شوێن کوردی کورد ـ دا!؟**

"کوردی" سوننی، شیعە، ئێزەدیی،عەلەویی، مووسایی، عیسایی، حەنەفی، شافعی، حەنبەڵی، وەهابی، کاکەیی، یارسان، زەردەشتی، زەروانی، مانەویی! "کوردی" کرمانج، سۆران، هەورامی، گۆران، کەلهور،لەک، لور، زازا! کوردی موکریان، ئەردەڵان، بابان، بادینان! کوردی ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا! "کوردی" سابڵاخ، کرماشان، سنە، هەولێر، ئامێد! "کوردی" پ ک ک، پارتی، یەکیەتی، کۆمەڵە، دێموکرات.

ئەم پاشگرانە دەوری کاریگەر لە کەسایەتی تاکی کورددا دەگێڕن و ناسنامەی سەرەکی کوردبوون ئاڵۆز دەکەن. لە مێژوویی دوور و نزیکدا سەلمێندراوە کە شەڕیی خوێناویی لە ناو کوردان، شەڕیی ناوچەیی، حزبی، ئایینی، عەشیرەیی بووە. هەر ئێستاش ناکۆکی سەرەکی نێوان کورد گرێدراوی ناوچە، حزب، ئایین و کۆتلە جیاجیاکانە، کە مایەی تێکشکانی کورد لە حاند نەیار و دوژمنە.

لەم ڕۆژانەی کارەسات لە ڕۆژهەڵات، "هەستی" کوردبوون زاڵ بووە بە سەر "تێگەیشتن" لە کوردبوون. نمایشی مەزنی شارەکان ڕەنگی "من و تۆ"، "ئێمە و ئەوان"ی نیشان دا. ئێمە کە واین و ئەوان کە وەک ئێمە نیین. ئەوان نیشتمان دەفرۆشن و ئێمە بۆی دەمرین!

ڕەنگە ئەمە لە سیاسەتی حزبی، ناوچەیی باو، درووست بێ، بەڵام خاوەنی ئەم درووشمانە، قورسایی تێگەیشتنیان دەخەنە سەر ناوچەیی بوونی خۆیان و "کوردبوون" دەبێتە بابەت بۆ بەراوەردکردنی کوردی ئەو ناوچەیە لە گەڵ کوردی ناوچەکەی تر، ئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسەت و فەرهەنگی حزبانە و ناوچەگەرایانەیە هەتا فەرهەنگ و سیاسەت و تێگەیشتنی گشتی کوردانە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەخنە لە سیاسەت و تێگەیشتنی چەوت نەگیردرێ. گەر تێگەیشتنەکە ئەوەبایە کە" کورد نیشتمان نافرۆشێ، بۆی دەمرێ" پەیامێکی تر، ناوەرۆکێکی تر، تێگەیشتنێکی تر، هەستێکی تر بڵاودەکرایەوە. هەروەک بینیمان لە کەرکووک و شارەکانی تر خەڵک هاتنە مەیدان، بەڵام حزبەکان و ناوچەگەرایی مۆری سەرەکی لە تێکشکانی کەرکووک وەشاند. ئەم تێگەیشتنە دروست بوو کە خەڵک لە ڕۆژهەڵات، کەرکووکیان بە دڵی خۆیان شوپهاند و کرماشانیان وەک ماڵی خۆیان چاو لێکرد. لە ڕاستیشدا هەر شوێنێکی کوردستان ماڵ و دڵی کوردانە و حزب و ناوچە و عەشیرە و کۆتلەکان بە کوردستانەوە مانایان هەیە، نەک بە پێچەوانە.

لێرە پێویستمان بە بیر و هەست و تێگەیشتنی قووڵ و هەمەگیر و کوردستانی هەیە، کە بە گشتی لە ناو کورد دا هێشتا نەبۆتە بیروتێگەیشتن و سیاسەتی گشتی، تەنانەت لە چوارچێوەی هەرکام لە چواربەشی کوردستان، سیاسەتی گشتی، نەتەوەیی و هەمەلایەن و هەمەگیر بەدی ناکرێ و ئەوەش هیچ مانایەک ناگەیینێت جگە لەوەی کە کوردبوون هێشتا ناوچەیی، حزبی و باوەڕمەندانە و ئیدئۆلۆژیکە و کۆنسێپت و بیر و سیاسەتی گشتی و کوردستانی بەرفراوان نییە و کوردبوون لە "هەست"ەوە بۆ تێگەیشتنی فکریی نەگواستراوەتەوە.

بینینی کوردستان و کورد لە سیمای حزب و عەشیرە و ناوچە و کۆتلەکانی سیاسی و ئیدئۆلۆژیک و ئایینی، زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندی هەموو کوردستان و کورد. ئەم سیمایە سیمای چەوت وچەواشەکارانەیە لە کورد و کوردستان. حزبەکان سیمای کورد نیین، کورد و کوردستان سیمای حزبەکانن.

بوونی هەموو ڕەنگەکان لە کوردستان کاتێک ڕەنگین دەنوێنێ، کە هەموو ڕەنگەکان لە ڕەنگی سەرەکیدا بدرەوشێنەوە و ڕەنگی سەرەکی لە هەموو ڕەنگەکاندا ڕەنگی سەرەکی بێ، نەک بە پێچەوانە، کە ڕەنگی سەرەکی لەو ڕەنگانەدا بزر بێ! ناسنامەی ڕوونی هەر تاکێک، ناوچەیەک، هەر حزبێک کاتێک دەردەکەوێ کە لە یەک ناسنامەی سەرەکیدا خۆیان و تێگەیشتنیان ببیننەوە.

کورد نیازی بە یەک وڵات، یەک نەتەوە و ڕەنگی بێشمار هەیە، کە وڵاتێکی ڕەنگین پێک بهێنێ. لەم ڕێگایەدا دەبێ سڵ لە هەر چەشنە سیاسەت، باوەڕ وبۆچوونێک بکرێ کە کوردستان و کیان و ناسنامە و کەسایەتی کورد لە ناوچە و حزب و عەشیرەت-دا دەتوویێنێتەوە!

کوردی سوننی، شیعە و... بوونی نییە و شیعە و سوننی بوون، ئیزەدی و کاکەیی و زەردەشتی بوون، سنەیی و بۆکانی و هەولێریی بوون، پارتی و یەکیەتی و دێموکرات و کۆمەڵە و پ ک ک بوون، لایەنی ناسنامەی نەگۆڕی هیچ کوردێک نیین، ناسنامەی نەگۆڕ لە کورد بوونەکەدایە، دەنا هەر کەس دەتوانێ ئایینەکەی، شوێنی ژیانی، حزبەکەی بگۆڕێ، کە ئەوە نابێتە هۆی گۆڕینی ناسنامە و کەسایەتی سەرەکی. دەوڵەمەندکردنی ئەم کەسایەتی و ناسنامە و پێناسەیە دەبوو مەبەستی هەر کەس و هەر لایەنێک بێت، ڕزگاریی مرۆڤی کورد و وڵاتی کوردستان گرێدراوی ئەم تێگەیشتنەیە.

لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆژهەڵات هەموو لایەنەکانی لاوەکی، هەموو ڕەنگەکانی لاوەکی، خۆیان لە ڕەنگی سەرەکیدا نوواند و جوانترین کۆلکەزێرینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەخشێندرا، کە لە ئاسمانی هەموو کوردستان و ئاسمانی دراوسێکان بیندرا، ئەمە پەیام و درووشمی سەرەکی بوو، کە دەبێ زیاد لە هەر پەیامێکی دیکە بکرێتە درووشمی هەر کوردێک، هەر حزب و ناوچە و عەشیرە و کۆتلەیەک!

برایم فەڕشی